**بەگشتی ئەنجامەکانی پلنۆمی 15ی کۆمیتەی ناوەندی چو ن لیکدەدەنەوە وچ تەوە قعاتیکتان لیی هەیە، هاوکات چ جیگایەکی تایبەتی ئەم پلنۆمە لەژیانی سیاسی حزبدا ولەخەباتی دا بەرەو ەدیهینانی ئامانجەکانی دەبینن؟**

شەماڵ علی: پلینۆمی 15 یەکێک لەو پلینۆمانە بوو کە لە رووی سیاسییەوە لە رووی ئەو نەخشانەی تیایدا تەرح و پەسەند کرا زۆر دەستپر و بەرهەمدار بوو، بەڵام دیارە هەمیشە هونەری سیاسەت لە جیبەجیکردنی نەخشەکاندایە نەک پیشنیار و پەسەند کردنیان، سەرکەوتنی هەر کۆبوونەوەیەکی سیاسی لەم بابەتەش بە شیوەیەکی سەرەکی بە ئایندەکەیەوە بەستراوە. بە بروای من ئەگەر ئەو نەخشە سیاسییانەی لە پیلینۆمی 15 بریاری لەسەردرا جیبەجی بکریت، پیلینۆم خاڵی وەرچەرخانیکی گرنگ دەبیت لە ژیانی سیاسی هەموو جووڵانەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و هەموو چەپی کۆمەڵگای عیراق بە گشتی.